کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
24-12-2007 1:44بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## سەردانەکەی تارق هاشمی بۆ هەڵەبجە، بوونی نەتەوەییمانی خستە گومانەوە.. ! زاگرۆس زەردەشتی



چاو خشاندنێک بە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە کۆن و نوێدا، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ. کە هەر نەوەوە گەلێک توشی کارەساتی جۆراو جۆر بووە، ن جا ئەو کارەساتانە بە داگیرکردن لە لایەن دەسەلات و گەلێکی ترەوە بووبێت، یان کارەساتی سورشتی و ڕووداوەکانی وەک لافاو، نەخۆشی، ئاگرکەوتنەوە و بێبارانی و هتد. ئەو ڕووداو و کارەساتانەی کە لە مێژوودا بەسەر نەتەوەی کوردا هاتوون، زۆربەیان کارەساتی جەنگ و داگیرکردن بوون. هەمیشە کوردستان لە مێژوودا جێگای تەراتێی داگیرکاران و گۆڕەپانی ساخکردنەوەی ناکۆکی هێزە داگیرکار و دژبەیەکەکان بووە.

دابەشکردنی کوردستان لەلایەن دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمەکانی ئاورووپاوە و لکاندنی هەر پارچەیەک بە خاکی هەریەک لە ناسونالیزمی فارس، تورک و ئارەبەوە، ئەو کارە گەورەترین تاوانی مێژوو مرۆڤایەتی بوو، بەرامبەر نەتەوەی کوردکرا، لەو دابەشکردن و بریارە ئیمپریالیزمیەدا، نە پرس بە نەتەوەی کورد کرا، نە خواستی نەتەوەی کوردیش بوو.

ئەم کارەساتە مێژووییە نا مرۆڤایەتیە، نەتەوەی کوردی لەهەر یەکێک لەو پارچە بەزۆر لکێنراوانەدا، کردە کۆیلە، ئەوی ڕاستی بێت، کاتێک کە کۆلۆنییالیزمی ئاورووپیی، ئافریکایان داگیرکرد، بازرگانە ئاورووپییەکان کۆیلە ڕەشەکانیان بە کۆمەڵ ڕووە و ئاورووپا و ئامریکا دەگوازتەوە و لە دەرووەی ولاتەکانیان یان، بلێین لە دەرەوەی کیشوەری ئافریکا دەیانفرۆشرتن.. بەلام نەتەوەی کورد بە پیلانی کۆلۆنیالیزمە ئاورپیەکان.. بە نیشتیمانەکەیانەوە ڕەواجی تالانفرۆشی کرا.

مرۆڤ دەکارێت ئەوە بێژێت: کە دەبێت ڕەوشی کۆیلەیەکی ڕەشی ئافریکی، گەلێک لە ڕەوشی کوردێکی کۆیلە کە لە خاکی خۆیدا کۆیلە و بێکەسایەتی کران باشتر و بەڕێزتر بووبێت. زۆربەی مرۆڤە کۆیلە ئافریکیەکان، لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا وەک چاندنی (پەموو) لە خۆرهەلاتی ئامریکا کرانە (کشتکار) یان لە نێو ماڵەکاندا کرانە (لەلە) و (کارەکەر) . ڕاستە ئەم کۆیلانە تاوانێکی گەورەی نامرۆڤایەتیان بەرامبە کرا. بەلام ئەو تاوانەی کە بەسەر نەتەوەی کورد هێنرا، گەلێک نامرۆڤایانە تر بوو لەوەی ئافریکیەکان.

لەبەر ئەوەی کە تاکی کورد لەگەڵ ئەوەی لە ولاتی خۆیدا کۆیلەکرا، لە هەمانکاتدا داگیرکاران هەموو هەوڵێکیان خستەگەر بۆ شکاندنی کەسایەتی و سیکۆلگی هەر تاکێکی کورد، لە ئەنجامدا پاش زنجیرەیەک سەرهەڵدان و سەرکوتکردنی ئەو سەرهەڵدانانە، داگیرکاران تارادەیەک لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوت و بەئەنجام گەیشتن. کوردیکی زۆریان کرد بە جاش و یخوڕ و پەنابەر لە ولاتی خۆیدا.

لە باکووری کوردستان، کورد کرانە تورکی شاخی و تارادەیەک کوردیش بەو تورکی شاخییە ڕاهێنرابوون و بێدەنگیان نیشانەی بێوەییان بوو. تا لە دایکبوونی (پ.ک.ک) ئەو مێژووە شەرمەی گۆڕی.

لە باشووری کوردتانیش زنجیرەیەک سەر هەڵدانی یەک لە دووی یەک بەلام، مرۆڤ دەکارێت بێژێت: کە کەسایەتی کورد هێندە تێکشکا بوو، کە دەوڵەتی داگیکاری ئێراق نزیکەی 400000 هەزار جاشی بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فەرمی هەبوو، کە ئەو ژمارە زۆرە بە ژمارەی پێشمەرگە بەراورد نەدەکرا. ئەوە جگە لە (جەیشی شەعبی) و بەعسی و سیخورانی کەناڵە جۆربەجۆرەکانی تر.

لە رووخانی دەسەلاتی دەولەتی ئێراقیشدا، لەناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە گەلێک کەسایەتی دەسەلاتدار لەناو ئەو پارت و رێخراونەدا، مەلەفی هاوکاری و سیخوریان ئاشکرا بوو.

کەواتا بەم سەرنجە خێرایە بەمێژووی کورد و کۆیلایەتی ئافرکیەکانفدا، دەبینین. کە ئەو کۆیلە ئافریکیانە لە بارەی سیکۆلۆژی و کەسایەتیەوە لەو کەسایەتیانەی کوردی کۆیلە لە نیشتیمانی خۆیدا بەرێز تر بوون و مرۆڤایەتیش شانازیان پێوە دەکات.

مرۆ ناکارێت شانازی بە خۆفرۆش و ولاتفرۆش و سخوڕانەوە بکات، هیچ گەلێک شانازی بە خیانەکارن دژی گەلەکەی ناکات. بەڵکو لەسەر ئەو ناپاکی و کردەوانەیان بەرامبەر بەگەلی خۆیان، بە دادگای گەل و نیشتیمانیان دەگەیەنن.

گەلۆ مرۆڤ دەپرسێت.. بۆ کەسایەتی کورد، بەرامبەر بە داگیرکاران لەو ئاستەدا هێندە بالا کورتە.. ؟

ئایا کورد چیاکانی لوتکەبەرزن و دەبێت خۆشی بەکەم زان و گرگن لەبەردەمی دوژمن و داگیرککاراندا ببینێت. ؟.

ئەو خۆ بەکەمزانینەی تاکی کورد، بۆتە کولتور، گرنگ نیە ئەو تاکەی کورد، لە کام پۆستی دەسەلاتدایە. دەنا گەر کەسایەتی کورد ئاوا بەو جۆرە تێکنەشاکاوە، لەکوێ لەناو کولتوری کام گەل و نەتەوەدا دەکرێت و بووە، گەل تاوانباری خۆی بهێنێت و داوای سواڵ و پارانەوەی لێبکات.. !؟

گەلێک کە بەدێژایی مێژووی دەولەتێکی ئاگر و ئاسنی وەک ئێراق، ئەنفال و راگوێزان و کۆمەڵکوژ و کیماباران و سەروەت و سامانی دزرابێت... کەچی پێشوازی لە بکوژێکی وەک تارق هاشمی دەکەن، کە تا سەر ئێسک و مۆخ، دژی گەلی کورد و دۆزەرەوکەیەتی. من رووی دەمم لە ئێوەیە ئەی خەڵکی هەڵەبجە. ئێوە مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجەتان بۆچی سووتاند... ؟

ئەدی ئێوە نەتانگوت: (ئەوە مۆنۆمێنتی سواڵکردن و بازگانی و پارەپەیداکردنە بە شەهیدانی هەڵەبجەوە.. ؟)

ئەدی ئەی بەچ مافێک ئێوە داوا لە بکوژ و شۆڤێنیەکی وەک هاشمی دەکەن، بنکەیەکتان لەسەر بوژەی خۆی بۆ دروستبکات.. ؟

ئەو داوایانە تاوانێکی نەتەوەییە بەرامبەر بە شەهیدانی کیمیاباران. دەبوو خەڵکی هەڵەبجە رێگایان بە شۆڤێنزمێکی وەک هاشمی نەدایە پێبخاتە خاکی هەڵەبجەوە و پیسی بکات!. هاشمی گەورەترین دەستدرێژی کردۆتە سەر رووومەتی نەتەوەیی کورد، کە دەڵێت: سوڵتان هاشم فەرمانی جێبەجێکردووە، کەدەڵێت: ئەو فرۆکەوانەی کە هێرۆشیمای بۆمبارانکرد، نەدرا بەدادگا.. !!

پێش هەموو شتێک تارق هاشم سەری لەبەردا، ئەو دوو کارەساتە بەڵێ هەردووکیان کارەساتی مرۆڤایەتین. بەلام هێرۆشیما قوربانی سستەمی سەرمایەدارە و بەرهەمی چاوچنۆکی سەرمایەداری ئەو کارەساتە نامرۆڤایەتییەی ئەنجامدا، بەلام هەڵەبجە قوربانی دەستی فاشیت و ناسونالیزمی ئارەب و داگیرکردن و سوتماکردن و نکوڵی کردنی گەلێکە کە بەهەزاران ساڵ لەو خاکەدا خزمەت بە خۆی و مرۆڤایەتی دەکات. پاشان هەڵەبجە دەسپێکی سورەی ئەنفالە.

ئەو فرۆکەوانەی کە هێرۆشیمای بۆردومان بارانکرد، ناوی منداڵەکەی نەناوە (بۆمبی ئەتۆم) بەلام پەیامبەری ئەنفال هاشم سوڵتان ناوی کچەکەی ناوە (ئەنفال) کە خۆشی بە (ئەبو ئەنفال) بانگ دەکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو دانیشتن و کۆڕەی کە لە هەڵەبجە، لەگەل تارق هاشمی ساز دراوە، گەورەترین تاوانە بە تەوێڵی ئەوانەی کە بوونەتە هۆی سازدانی ئەو سەردانەی هاشمی. ئەو جنێوی دەمی پیسەی کە هاشمی لە بەرامبەر جەماوەی هەڵەبجە بە هەموو شەهێدان و مرۆڤێکی بە روومەتی کوردی داوە، مانای بوونمانی وەک نەتەوە و داخوازییەکانمانی خستۆتە گومانەوە.

گەلۆ خەڵکینە... ئێوە بیستوتانە رۆژێک فەلەستینیەک (شاروون، شامیر، رابین... هتد. بەرن بۆ غەزە تەدارەکی بۆ بڕازێننەوە و لێیان بپارێنەوە و پێیان بڵێن: ولاتمان بۆ ئاودان بکەنەوە و هەوڵبدەن سەبراو شاتیلامان لە دامو دەستگا نێونەتەوەییەکاندا بە جینۆساید بۆ بناسێن.. ؟!

بیستوتانە رۆژێک جولەکەیەک یان خەڵکی ئۆرشەلیم.. بانگهێشتی کۆنە نازیەک بۆ ئیسرائیل بکەن و دابنیشن کۆرو سیمیناری بۆ رێکبخەن.. !؟ ئەویش جنێو بە کەرامەتی نەتەوەییان بدات و بڵێت: (جەنەراڵ هاینیش هیمللەر) وەزیری ناخۆی نازی و سەرپەرشتیاری کۆماندۆی تایبەتی SSو بەرپرسیاری سەرجەم کامپە زۆرەملێکانی نازستیەکان و (دکتۆری جەنەرال سوسف مێنگلی) کە ئەویش لە کامپەکانی پۆلۆنیادا، تاقیکردنەوەی کیمییای و هەمەجۆری لەسەر دیلە قەرەج و جولەکە و هۆمسێکسوێلەکان دەکرد. (ئەو نازیستە میوانە دووژمنە، یان هەر ئاڵمانیەکی تریش بێت، دەکارێت بە جولەکەکان بڵێت ئەو دوو کەسایەتییە، راستە نازی بوون بەلام فەرمانی هێتلەریان بەجێهێناوە... ؟!

ئایا هیچ جولەکەیەک لە خوێنی ئەو جولەکانە خۆش دەبن کە بەر شالاوی نازیە نامرۆڤەکان کەوتن.. ؟

ئایا کەسایەتی و سیکۆلۆژی (شەمعون پێرس) و هاولاتیەکی ئیسرائیل لەو ئاستەدایە بە کارێکی ئاوا هەستن کە هەندێک سەران و کەسانی تر لە هەڵەبجە پیهەستاون. ؟!

ئەو دوو بەرپرسە نازیە یەکەمیان کە شالیاری ناوخۆی ئالمان بوو (جەنەڕاڵ هاینش هیمللەر) کاتێک کە گیرا بە نیازی دادگایکردنی لە بەندینخانەیان تونگکرد، بەلام بەر لەوە کە دادگایی بکەن، حەبی (سیانئیدی) خوارد و خۆی کوشت.

(جەنەراڵ دکتۆر یوسف مێنگلی) پاش لەناوچوونی دەسەلاتی نازی هێتلەری، خۆیگەیاندە ئەرگەنتین، لەوێش نەیتوانی دڵنیابێت، خۆیگەیاندە بەرازیل، بەلام لە رووداوێکی نادیارا لە ئاودا خنکا. ئێستاش دەوڵەتی ئیسرائیل سالانە بە میلیۆنان یۆرۆ خەرمانە (تەعویز) لە دەوڵەتی ئالمان دەستێن..

تارق هاشم بەبوێریەوە هەڵەبجە دەکاتە بڵند گۆ و جنێو بە نەتەوەی بەکورد دەدات، کوردیش چەپڵەی بۆ لێدەدەن. !

منیش بەهەموو داخو ئازارێکەوە تەنیا هێندە دەبێژم: لە ژینمدا ئەوەندەی ترسم لە مرۆڤی خۆبەکەمزان دەبێتەوە، هێندە ترسم لەو دووژمنە جەلادە نابێتەوە کە دەیەوێت بە گولەیەک کاسەی سەرم هەڵگرێت. هەر ئەو خۆ بەکەمزانینەشە، کە ئاوای لە کورد کردووە، دووژمن و داگیرکاران بۆ لەناو بردن و کۆیلەکردنمان (هەسان) چۆن (کێرد و مەقەست و تەور) تیژ دەکات خۆی هیچ نابرێت، ئێمەش هەمیشە دووژمنانمان لەیەکترمان تیژ دەکەن و بڕینی زمان و دەستبڕینی خۆمانیان داوە دەست خۆمان. خۆشیان لە دوورەوە بەو کەسایەتییە خۆ بکەم زان و ناپاک و فریودەرانەی کوردیان، گوتووە کوردی باش و زیرەک.

زاگرۆس زەردەشتی
23.120007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.